www.kurdistannet.org
4-7-2006 14:45بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دزێوترین دیاردەی گەندەڵی ... شەیدا بڵباس

گەندەڵی ڕووی دزێوترین دیاردەی کۆمەڵایەتیەلەبەڕێوەبردنی ئیدارەیی ئابووری. گەندەڵ خۆرسک نییە، بەڵکو هۆ و هۆکاری دەرەکی و ناوەکی دروستبوونی گەلێک زۆرەکەسەرچاوەی لێوەبگرێت. ناتوانرێت بەهیچ جۆرێک پەیوەست بکرێت بەکەڵتووری نەتەوایەتی، یا نەرێتی ئایینی، چونکەڕێبازی بیردۆزی نەتەوەیی هەستێکی پاک هەڵگرەو دوورەلەستەم و چەوسانەوەڕەتدەکاتەوە، بەهەمان شێوەئایینیش گەندەڵی بەجۆرێک لەدزی و دەستبڕی و نادروست دەخوێنێتەوەو بەکارێکی دژەخوایی دەزانێت و دوورەپەرێزی لێدەکات.

دیاردەی گەندەڵی لەزۆربەی کۆمەڵگاکاندا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام چەندایەتی و چۆنایەتی بەخۆ وەرگرتووە. چۆن گەندەڵی یاریچەی دەستی ووردەبۆرژوایە؛ بەتایبەتی لەساتی گۆڕانکاری سیستەم کەتووشی قەیران دەبێ و ئاڵۆزی بەڕێوەبەرایەتی دووبارە سەرهەڵدەداتەوە.. ئۆپۆرتیست و سەربزێو مۆرانەدەکەنەناو هێلانەی پۆستەهەستیار و گرنگەکانی لایەنەشۆڕشگێرەپێشکەوتووەنوێخوازەکان، تا جەنجاری ڕێرەوی بەرەو پێشەوەچوونی لێبوەستێنێ و لەخشتەی بەرێت.

لەهەر شوێنێک چینی ناوەندی کۆمەڵ کەبەڕێوبەرە، بزانێت کەیاسا لەچەند بەند و بڕگەیێکی نوسراوی سوواو و پەککەوتەزیاتر نییە، دەستی خۆی لێهەڵدەماڵێ و دێتەناو مەیدانی گەندەڵکاری. گەندەڵی وامەزانەکەگەندەڵکاری تازەپێگەیشتووەکانی هەموو شتێک بەتەڕ و ووشکی هەڵدەلۆشی، زیان بۆ خۆشیان ناگەڕێتەوە. چونکەئەوانیش لەناو بەندی ئەو بازنەداخراوەدا دەژین، کەگەندەڵی بەئاشکرا سێبەری بەسەر هەموو دام دەزگاکاندا زاڵدەکات.

گەندەڵی لەدوای مردنی ویژدان لەدایک دەبێت. لەو ساتەی کەهەستی نەتەوەیی و سۆزی نیشتیمان سڕدەبن و لەبزووتنەوەی بەرگریی دەکەون؛ تەنها نوزەیێکی سەرەمەرگیان لێوەدەبیسترێت، کەئەو نوزەیەلەواتای " دونیا هەموو گڕبێ، بستێ لەخۆم دووربێ" زیاتر بڕ ناکات.

کاتێک گەندەڵکار بەرچاوی لێڵ دەبێ و هەموو بەهاکانی ژیان بۆ بەرزبوونەوەو قەڵەوبوونی خۆی لەدەستدەدا، بێ ڕەوشتی لەخۆی دەئاڵێنێ و بەبێنرخترین چاویلکەلەدەوروبەری خۆی دەڕوانێت و سووکایەتی بەمافی مرۆڤ، کەخۆشی ئەندامێکەلێی دەکات. بەندێکی ژاپۆنی دەڵێت:[ دزانی بچووک بەپێی یاسا سزا دەدرێن، کەچی وولات دزان دەکرێن بەحاکم ].

مۆرانەی گەندەل وەک دیاردەیێک وولاتانی جیهانی سێیەمی گرتۆتەوەو لەباربردووە، سەقەت کردووە.. چۆن گەندەڵی خۆی تەنها نەسەپاندۆتەسەر بنکەو بارەگای سەربازی و ئیداری و ئابووری و بەس! بەڵکو هەندێک لەبوارەکانی ڕۆشنبیریش دەگرێتەوەو دەبنەزوڕناژەنی گەندەڵکاران. لەو کاتەدا بۆ مانەوەی چینی سەروو کەدەستەڵاتدارە، بۆرژوا هەر لەپەیدان لێدانی هەنگاونانی ئەو ڕێگا یەکسەرەیەی کەگەڕانەوەی نییە، دەبن. میللەتیش ئەگەرچی دەناڵێنێ بەدەست سیستەمی گەندەڵی، کێشەی مان و نەمانی لەگەڵ یەکلا دەکاتەوە.. چونکەچیتر ڕۆلی چاکسازی و پاکسازی گرنگی نامێنێ بۆ دووبارەبوژانەوەو گەڕانەوەبۆ سەر دۆخی ئاسایی. ڕەحمەت لەبەرنادشۆ کەفەرمووی: " ئابووری سەرمایەدار وەک قژ و ڕیشم وایە، زۆری لەبەرهەم هێنان و نارێکی لەدابەشکردن".

لەهەر دامەزراوەکانی وولات کەئابووری بزوێنەرو هەڵسورێنەریەتی، لەهەر درزێکەوەگەندەڵی بەئاسانی دەتوانێت پێدزەبکاتەناخی و گەرای لێدابنێت. گەندەڵی لەناو جەستەی سیستەمەنیمچەدیموکراسیدا، زەروو ئاسا بەسەر شارەگی نیشتیمان دەنیشێ و خوێنی هەڵدەمژێت.. یا وەک بەکتریای گەندەخۆر، تا لاشەی گەلی چەوساوەداغان نەکا، دەمی لێهەڵنابرێت. زۆر لەو وولاتانەی خۆیان بەدیموکراتی دەزانن و بانگاشەی بۆ دەکەن، نمونەی [ تورکیا و سوریا و ئوردەن و لوبنان لەخۆرهەڵاتی ناوین و میسر و جەزائیر چەندان وولاتی ئەفریقیتر، وەهیند و پاکستان و چین و مالیزیا لەئاسیا و زۆربەی زۆری وولاتانی ئەمریکای لاتین ] ؛ گەندەڵی تا سەر ئێسقان دایهاڕیوون، هیوای دووبارەژیانەوەتەنها بەشۆڕشی هەڵگێڕانەوەی سیستەم کۆتایی دێت.

کاتێک کەیاسا لەوولاتدا دەبێتەگۆچانی دەستەڵات و بنێشەخۆشەی پێنووسی بێ شەرم، گەندەڵ لەخەوشی خۆی دڵنیا دەکا، کەلەوولات هیچ کارێک بێ بەرتیلخۆری جێ بەجێ نەکرێت. کەواتەیاسا نەک لەسەرووی هەموو شتێکەوەنییە، بەڵکو لەکارکەوتووەو تەنها ناو و قەبارەیە. بەمەش وولات ڕوو بەڕووی گەورەترین مەترسی سەردەم دەکاتەوە، کەئەمیش بێ یاسایی بوونە. چونکەلێپرساوێتی ماف و ئەرکی تاک لەناو کۆمەڵگا جێ بزرکێی پێدەکرێت.. نازانرێت لەکاتێکدا ماف و ئەرک تاچ ڕادەیێک بەپێی یاسا سنووردارە.

گەندەڵ کەبەوەبگا توانای دەستەڵاتی بەسەر هەموو دام و دەزگای فەرمانڕەوایی و دامەزراوەکان هەڵسورێت و ڕۆیشتوو بێت، زۆر بەئاسانی ڕێگای خۆراکی گەنیوو ئێکسپار دەدرێت کەمۆڵەتی بۆ ناو بازاری فرۆشتن بدرێت.. تاوانبار لەتاوان پاکدەکرێتەوەبێسزا و دووریش نییەبێتاوانێکی پێوەبلکێنن.. ئا کارەسات لێرەدا خۆی دەنوێنێت..!

**گەندەڵی وەک نەخۆشی شێرپەنچەک وایە، کەلەهەر شوێنێک ڕوا، ناچاری کەبەزووترین کات بیبڕی، تا زیاتر تەشەنەنەکات.**

**لەم ساڵانەی دواییدا، گەندەڵی وەک دیاردەیکی زەق کوردستانیشی گرتەوەو بەخێرایی خەریکەتەشەنەدەکات. ئەم دیاردەدزێوەئەگەر بێتوو بەزووێکی دەستوبرد چارەسەری نەکرێت، دەرەنجامێکی تەنگەژەی پڕزیانی لێدەکەوێتەوە. بەڵام ئەگەر سەرچاوەی لەسەرەوەبێت.. ئەوا دەبێت لەچاوەڕێی ژیاندا لە پەلەقاژێ مەرگدابین.**